کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:40 4-12-2007

**ئەم سێ کەسە، دوو رۆژ پێش نیشاندانیان وەک تاوانبار ئازادکران ... تایبەت بە کوردستان نێت: ئاسۆ عەلی فەرەج**

aso_ali2003@yahoo. com




دەڵێن هەرگیز پۆلیس غەدر ناکات، یان تاوان ناکات و دژی تاوانبارانە، کەچی پۆلیسی هەولێر پێچەوانەیە، لەم رۆژانەدا لە پریس کۆنفرانسێکدا بەرێوەبەری پۆلیسی هەولێر وێنە و ناوی کۆمەڵێك تاوانباری نیشاندا کە تاوانباربوون بە دزینی ئۆتۆمبێل و چەند تاوانێکی دیکە.

عەجیب و غەریب، برادەرانی پۆلیسی هەولێر توخوا راست، راست ئێوە دەتانەوێ چی بڵێن، هێزی خۆتان وانیشان بدەن، من و دەیانی دیکە دەستخۆشیتان لێدەکەین بۆ هەوڵەکانتان، بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەبێت رەخنەتان ئاراستەبکرێت بەو کارە ناشارستانی و نایاساییەی کە کردووتانە.

ناوی سێ تاوانبار و وێنەکانتان بڵاو کردووە، کەچی دوو رۆژ پێش راگەیاندنەکە (پریس کۆنفرانسەکە) ئەو سێ کەسەتان ئازاد کردبوو، بەڵام لە پریس کۆنفرانسەکەدا وەك تاوانبار ناسانتان؟ من دەبێژم: ئەگەر تاوانبارن بۆچی ئازاد کران؟ ئەی کە ئازاد کران بۆچی وێنە و ناوەکانیان بڵاو کرانەوە وەك تاوانبار؟

بۆ زانیاریتانیش، ئەمە سێ وێنە و ناوی کەسەکانە، بەس لەبەر عورف و ئەخلاقیەتی کاری راگەیاندن بە شێوای نیشانتان دەدەین، بەڵام هەر لایەنێك ویستی ئەوا ئامادەین بە روونی وێنەکەیان بدەینێ لەگەڵ ناوەکان:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.